# هەرەسی شۆڕشی پرتەقاڵی لە ئۆکرانیا

عەلی مەحمود محەمەد






دوێنێ پێنج شەممە بەرەی شۆڕشی پرتەقاڵی لە وڵاتی ئۆکراین دوا سەنگەری خۆیان لە دەست دا,بە زۆریەنەی 243دەنگ لە کۆی450 ئەندامی پارلەمان , خانمی شۆڕشی پرتەقاڵی یۆلیا تۆمۆتشینکۆ لە سەرۆک وەزیرانی خرا ,لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمساڵدا سەرۆك کۆمار لە خولی یەکەمی هەڵبژاردنەکان دکتۆر ڤیکتۆر یاشینکۆ تەنها "1,341,539 05.7" دەنگەکانی

هەڵبژاردنی  هێنایەوە,بەمەش  لە هەڵبژاردن دوور خرایەوە ,لە خولی دووەمیشدا یۆلیا تۆمۆتشینکۆ بە جیاوازییەکی کەم 48,2٪  دۆڕاندی ,پاش دوو ساڵ  لە وەرگرتنی پۆستی سەرەك  وەزیرانی  دوێنێ لەو پۆستەش  دوور خرایەوە پاش ئەوەی  هاوپەیمانییەتیەکی نوێ  لە پارلەمان ڕاگەیەنرا لە نێوان  (( 7ئەندام پارلەمانی کتلەی  خۆی,27 کۆمۆنیست,172 حیزبی هەرێمەکان,19 کتلەی لیفین,15 ئۆکرانیا نیشتمانمانە )).

ئۆکراین خاوەند  خاکی ڕەشی بە پیتی  کشتوکاڵی بەرفراوان  و ژێر خانێکی بەهێزی ئابوورییە کەچی  لە دوای بە دەسەڵات گەیشتنی پرتەقاڵییەکان نەیانتوانی  چارەسەری قەیرانی ئابووری  و بێکاری و هەژاری  خەڵکەکە بکەن ,ڕۆژ بە ڕۆژ برسێتی تەنگی بە خەڵك هەڵدەچنی و وڵاتیش نایەتوانی لە ئاستی ناوخۆو دەرەوە بەڵێنەکانی بگەیەنەتە سەر ,کێشەی بەهای گازی ڕوسی بەردەوام لە نوێبونەوەدا بوو ,بەڵکە ڕۆژ بە ڕۆژ  قەیرانەکان قولتر بونەوە,ڕێژەی بێکاری و هەڵئاوسان چووە سەر ,هاوکات جەماوەر ناڕازی بوون لە خزانی وڵات بەرەو ڕۆژئاوا ,خەڵکی ئەم وڵاتە  پەیوندی  ئاینی و کلتووری و مێژووی دورو درێژ دەیان بەستێتەوە بە ڕوسیاوە .

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی پرتەقاڵی لە ئۆکرانیا لە ساڵی 2006دا,شۆڕشە ڕەنگاو ڕەنگەکان چەندین وڵاتی دیکەی  وەك جۆرجیا و کیرغیزستانی گرتەوە,تەنانەت هەڕەشەی  لە مۆسکۆش دەکرد .

پەیامنێرانی شۆڕشی پرتەقاڵی بە ئەندازەی یەك پرتەقاڵیش سکی هەژارانی وڵاتەکەیانیان تێر نەکرد,وەعد و بەڵێنی گەورەش هیچ کات چارەسەری کێشەکانی مرۆڤی نەکردووە ,بۆیە دوای 4 ساڵ جەماوەر لەسەر سندوقەکانی دەنگدان تۆڵەی خۆیان لە پرتەقاڵییەکان کردەوە و دەسەڵاتیان لێیان وەرگرتەوە .

لە کوردستانیش کە ماوەیەك شەڕ بوو لەسەر ڕەنگی پرتەقاڵی,لە چەند ڕۆژەی دوای25-7 کاکە هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد ئاڵای سپی هەڵکرد و ئاڵای شۆڕشی پرتەقاڵی تەسلیم کرد,چاوەڕوانی هەرەسی مەرجەعەکانی لە کیف نەکرد .

لە خوارەوە هەندێك ئامار لە سەر هەڵبژاردنەکانی ئۆکراین بخوێننەوە :

FIRST ROUND: 17 JANUARY 2010

| Candidate | Party | Votes | % |
|---|---|---|---|
| Anatoliy Hrytsenko | | 296,413 | 01.3 |
| Volodymyr Lytvyn | NP | 578,886 | 02.5 |
| Petro Symonenko | KPU | 872,908 | 03.7 |
| Serhiy Tihipko | | 3,211,257 | 13.6 |
| Oleh Tyahnybok | VOS | 352,282 | 01.5 |
| Yulia Tymoshenko | VOB | 6,159,829 | 26.1 |
| Viktor Yanukovych | PR | 8,686,751 | 36.8 |
| Arseniy Yatsenyuk | | 1,711,749 | 07.2 |
| Viktor Yushchenko | | 1,341,539 | 05.7 |
| 9 others | | 428,277 | 01.8 |
| Total | | 23,639,891 | |

SECOND ROUND: 7 FEBRUARY 2010

| Candidate | Party | Votes | % |
|---|---|---|---|
| Yulia Tymoshenko | VOB | 11,593,340 | 48.2 |
| Viktor Yanukovych | PR | 12,481,263 | 51.8 |

Total 24,074,603

| Party | Votes | % | Change | Seats | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| Communist Party of Ukraine | 1,257,291 | 05.4 | +01.6 | 27 | -06 |
| Juliya Tymoshenko Bloc | 7,162,193 | 30.7 | +07.3 | 156 | +19 |
| Litvin's People's Bloc | 924,538 | 04.0 | +01.6 | 20 | +20 |
| Our Ukraine | 3,301,282 | 14.1 | -01.1 | 72 | -13 |
| Party of the Regions | 8,013,895 | 34.4 | +02.1 | 175 | -05 |
| Socialist Party of Ukraine | 668,234 | 02.9 | -03.2 | - | -34 |
| Others | 970,936 | 04.4 | | - | |
| | Total | | 22,298,369 | | 450 |